# کتێبخانەی زانکۆ و ئامانجەکانی

ن.ئارام مجید علی

لەدونیای پڕ زانست و زانیاری ئەمڕۆدا چەندین جۆر کتێبخانە بونیان هەیە, ئەم کتێبخانانەش گرنگی و تایبەتمەندی و ئامانجی خۆیان هەیە, یەکێك لەو کتێبخانانەی ئەمڕۆ کەئامانجی باسەکەی ئێمەیە, کتێبخانەی زانکۆیە کە بەکتێبخانەی زانکۆ یان کتێبخانە ئەکادیمیەکان ناسراوە کەئەمەش لەکتێبخانەی ناوەند یان کۆلێجەکان یان بەشەکان پێك دێت.

کتێبخانەی زانکۆ یان ئەکادیمیەکان بەکۆنترین کتێبخانە دەژمێردرێن,هەر لەو کاتەوەی کەزانکۆ و کۆلێژ پەیمانگاکان دامەزراون ئەوانیش وەك لقێکی بەسوود و سەرەکی لەگەڵیان هاتووەژیانەوە بۆ پاڵپشتنکردنی کاروچالاکییەکانی زانکۆ و کۆلێژ و پەیمانگاکان.

کتێبخانەی زانکۆ بەیەکێك لەگرنگترین جۆرەکانی کتێبخانە دادەنرێت و پێوەرێکی سەرکییە بۆهەڵسەنگاندنی زانکۆ, هەتاوەکو کتێبخانەی زانکۆ لەئاستێکی بەرزدا ببینرێت, واتە زانکۆکە ئاستی بەرزە.

کتێبخانە ئەکادیمیەکان کە کتێبخانەی زانکۆکان و کۆیجەکان و بەشەکانی پەیمانگاکان دەگرێتەوە لەکۆنترین جۆرەکای کتێبخانەن,لەگەڵ سەرهەڵدانی دامەزراوە ئەکادیمیەکان بەشێوازە جیاوازەکانییەوە کتێبخانەکان وەك پاشکۆیەکی ئەم دامەزراوەیە بوون,لەپێناو پشتگیریکردنی کاری زانست و وانە وتنەوەو توێژینەوەی زانستی.

کتێبخانەی زانکۆیی,ئەو کتێبخانانەن کەدادەمەزرێت و پاڵپشتی دەکرێت و بەڕێوەدەبرێت  لەلایەن زانکۆوە,بەمەبەستی پێشکەشکردنی زانیاری و خزمەتگوزارییە جۆراو جۆرەکانی کتێبخانە بۆ کۆمەڵگەی زانکۆ, بۆ  هەریەك لە مامۆستایانی زانکۆ یان پەیمانگە و قوتابیان و خوێندکاران و توێژەران و کۆمەڵگەی زانکۆ ( فەرمانبەران و ستافی کار) کتێبخانەی زانکۆ ئەرك و ئامانجەکانی لەلایەن زانکۆوە دەستنیشان کراوە,و سێ ئەرك بەجێدەهێنن کەلە ئەرکی زانکۆکانەوە وەرگیراوە ئەویش (فێرکردن و توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردنی کۆمەڵگایە),هەموو زانکۆیەك پرۆگرامی ئەکادیمی خۆی هەیە لەبواراهینان و ئامادەکردن, هەروەها پرۆگرامی خۆی هەیە لەبواری  توێژینەوەی زانستی و خوێندنی باڵا, ئەمە جگە لەکاریگەری لەخزمەتکردنی کۆمەڵگای چواردەوری بەهەموو لایەنەکانی و ڕەهەندەکانیەوە. بۆیە پێویستە لەسەر کتێبخانەی زانکۆیی کە هەوڵبدات بۆ خزمەتکردنی ئەو پرۆگرامەی بۆی داڕێژراوە لەو سێ لایەنەوە کە ئاماژەمان پێدا,ئەویش لەڕێگەی پێشکەشکردنی سەرچاوەو خزمەتگوزاری کتێبخانەی پێویست,

سەبارەت بە کۆمەڵگای سوودمەندەکان لەکتێبخانەی زانکۆیی, ئەم کۆمەڵگایە جیاوازە لە کۆمەڵگەی کتێبخانەکانی تر لەڕووی ئەوەی  کەزیاتر ئەکادیمەیە بەپلەی یەکەم و چونیەکن تاڕادەیەك  لەئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و زانستیدان, چونکە کتێبخانەی زانکۆ خزمەتی کۆمەڵگەیەك دەکات کەتەمەن و ئاستی زانستی و تێگەشتنیان نزیکە لەیەکەوە, واتە لەنێوان 18 بۆ  24 ساڵیدان, وە خزمەتکردن لەم کتێبخانەیەدا دەستنیشانکراوە, واتە لەسنووری زانکۆ دەرناچێت و لەحەرەمی زانکۆ دەرناچێت, جگە لەو کەسانەی لەناو ئەم حەرەمەدان, هیچ کەسێکی تر سوودمەند نابێت لەسەرچاوەکانی, سوودمەدەکانیش بریتین لە,خوێندکاران لەجۆرەها ئاستی ئەکادیمی و تایبەتمەندی. ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە لەزانکۆ, لەوانەبیژ و مامۆستایان. ئەندامانی دەستەی کارگێری و کارمەندای زانکۆ. توێژەرو خوێندکارانی خوێندنی باڵا, لەناوخۆی زانکۆ یاخود لەدەرەوەی زانکۆبێت.

## ئامانجەکانی کتێبخانەی زانکۆ  (کتێبخانەی ئەکادیمی)

کتێبخانەی زانکۆ یان ئەکادیمی  بەکتێبخانەی ناوەندو کۆلێج و بەشەکانەوە. کتێبخانەی زانکۆ و پەیمانگاکان دەگرێتەوە, مەبەستی تایبەتی بریتیە لە دابینکردنی سەرچاوە بۆ فێربوون و توێژینەوەی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاو خوندکارانی خوێندنی باڵاو ئەو کەسانەی لەو دامودەزگایەدا کاردەکەن,کتێبخانەی زانکۆ یان ئەکادیمی چەندین ئامانج و ئەرکی گرنگ و تایبەت و پڕبایەخی هەیە, بەمەبەستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بە کۆمەڵگەی زانکۆ و پەیمانگاکان و کۆلێژەکان و بەو کەسانەی سەردانی کتێبخانە دەکەن, ئەو ئامانجانەش بریتین لە:

1- کۆکردنەوەو دابینکردنی سەرچاوەی زانیاری, کەگۆنجاو کەبەشدارن لەپشتگیری پرۆگرام و بەرنامەی خوێندنی جۆراو جۆری زانکۆیی. کەپەیوەندی هەیە بەو بابەتانەی لەناو بەش و کۆلێجەکاند دەخوێنرێت و یارمەتی مامۆستا دەدەن بۆ وانە وتنەوە و توێژینەوە و  هاوکاری خوێندکاران دەبێت بۆ خوێندن و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و توێژینەوە, لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانە جیاوازەکان. لەبواری زانستی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی لەرێگەی(پەیداکردن و کڕین و پێشکەشکردن) پەیجی زانکۆی چەرموو موبایل. دەبێت سەرچاوەکانی کتێبخانە لەخزمەت

پرۆسەی خوێندن و فێرکردندا بێت, بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان کۆلێج و بەشە جیاجیاکاندا و خواستی خوێنەران لە هەموو ساتیکدا لەبەرچاو بگیریت.

2- ڕێکخستنی سەرچاوەکان لەڕێگەی ئامادەکردنی پێڕستی پێویست و ئاسانکاریکردن بۆ خوێنەر  لەڕێگەی چۆنیەتی بەکارهێنانی کابینەی پێڕستەکانەوە تاوەکو ئەو سەرچاوەی داوای دەکات بۆی دەستەبەر بکرێت. ئەمەش لەڕێگەی سەردانیکردنی ئەو لیستانەی ئامادەکران و تەواوی کتێبەکانی نێو کتێبخانەیان تێدا پۆلێن و تۆمارکراوە .

3- ڕێکخستن و پاراستنی ئەو سەرچاوانە بەڕێگەو شێوازی دیاریکراو,بەگێرەی یاساو ڕێسایەکی تایبەت,کەبەپێی یەکێك لەسیستەمە باوەکای پۆلێنە, ئەویش پۆلێنی دیوی دەییە.

4- ڕاهێنانی کۆمەڵگەی زانکۆیی بەهەموو کەرت و بەشەکانیەوە, بۆ ئەوەی بەشێوازێکی ڕاست و دروست سەرچاوەکانی کتێبخانە بەکاربهێنن و سوود لەخزمەتگوزارییەکانی وەربگرن, گرنگە لەسەرەتای دەسپێکردنی دەوامەوە سیمیناری تایبەت بۆ خوێندکارانی هەموو بەشەکان بکرێت و بەرچاو ڕۆشنیان پێبدرێت سەبارەت بەکتێبخانە و گرنگی کتێب و یاساکانی کتێبخانە.

5- ڕێکخستن و کردنەوەی پێشانگەی کتێب(ساڵانە یان شەش مانگ جارێك یان وەرزانە), گرنگە لەساڵی خوندندا چەند جارێك پێشانگەی کتێب بۆ خوێندکارنی زانکۆ بکرێتەوە, کتێبەکان نرخی گونجاویان هەبێت بۆ ئەوەی خۆێندکاران بەنرخێکی گونجاو کتێبەکان دەست بخەن.

6- پۆلێنکردنی بابەتیانەی تەواوی سەرچاوەکانی کتێبخانە,ڕێکخستن و دابەشکردیان بەسەر لیستەجیاوازەکان, بۆ ئەوەی خوێندکار لەکەمترین ماوەدا بگاتە بەو سەرچاوەی مەبەستێتی. ئەو سەرچاوەی داوای دەکات بۆی دەستەبەربکرێت.

7- وەرگرتنەوەی کتێب لەو لەو کەسانەی کەکتێبیان خواستوە,چ خوێندکاری زانکۆ یان فەرمەنبەری زانکۆ, بەشێوەیەکی باش و بەپێی یاساو ڕێنماییەکانی خواستن,لەکتێبخانەدا,چونکە هەموو کتێبخانەیەك ڕێسا و یاسای تایبەتی خۆی هەیە,ئەمەش لەپێناو ئەوەی زۆرترین خوێندکار و خوێنەر سوود لەسەرچاوەکانی کتێبخانە وەربگرێت.

8- ئاشناکردنی مامۆستیان و خوێندکارن و خوێنەران بەیاساکانی خواستنی کتێب لەکتێبخانە, گرنگە بەرچاو ڕوونیان پێبدرێت خواستن و هێنانەوەی کتێبی کتێبخانە ماوەی دیاری کراوی هەیە, پێویستە لەو ماوەیەی بۆیان دیاری کراوە سەرچاوەکان بگەرننەوە بۆ کتێبخانە,خوێندکاری زانکۆ دەتوانێت تەنها بۆ ماوەی یەك حەفتە و مامۆستا تەنها بۆ ماوەی چوارده ڕۆژ سەرچاوەکانیان لابێت و پێویستە دوای تەواو بوونی ماوەی دیاری کراو سەرچاوەکان بگەرێننەوە بۆ کتێبخانە,چونکە ئەو سەرچاوانە تەنا موڵکی ئەوان نییە و گرنگە هەموان وەك یەك سوود لەو سەرچاوانە وەربگرن.

9- دانای ژمارەی پۆلێن لەسەر شانی کتێبەکانی کتێبخانە, لەگەڵ لێدانی نیشانەی تایبەت(مۆر-ختم) لەکتێبەکان, کەئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم سەرچاوەیە مۆڵکی کتێبخانەیە, چونکە زۆر جار ئەو کەسانەی سەرچاوەکان دەخوازن زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە یان بیریان دەچێتەوە ئەم سەرچاوانەیان لەچ کتێبخانەیەك خواستوە, دواتر لەڕێگەی مۆرەکانەوە دەزانن لە چ کتێبخانەیەك ئەو سەرچاوانەیان خواستووە.

10- ئاسانکاری هۆکارەکانی خوێندن و خوێندنەوە و توێژینەوەی زانستی بۆ خوێندکاران و مامۆستایان و توێژەران و دەستەبەرکردنی هێڵی ئینتەرنێت بەریژەیەکی بەرچاو بۆ خوێندکاران و خوێندکارانی خوێندنی باڵا, تاوەکو نوێترین سەرچاوە بۆ بابەتەکانیان هەڵبژێرن و لەتازەترین هەواڵی زانستی بەئاگابن بۆ دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکانیان.

سەرچاوەکان:

ئەحمەد میرزا ڕۆستەمی,شاهۆ عوسمان: زانستی پێڕست و ئێرستکاری کتێب,چاپخانەی سارا,چاپی یەکەم,2017

جەزا ئەحمەد قەرەداغی:کتێبخانە لەنێوان سەرهەڵدان و ناسیندا,چاپخانەی شڤان,چاپی دووەم,سلێمانی,2013

د.ربحی مصطفی علیان,د.أمین النجداوي:دەستپێك لەزانستی کتێبخانەکان و زانیارییەکان,و:شێرزاد سەعید محەمەد,چاپخانەی روون,چاپی یەکەم,سلێمانی2012

شاهۆ عوسمان: دەروازەیك بۆ زانستی کتێبخانەکانەو سەنتەری زانیاری,چاپخانەی شەهاب,چاپی یەکەم,هەولێر,2009